www.kurdistannet.org
11/06/2002 01:58

# ڕاگەیەنراوی مافەکانی پەنابەران

**هاوپشتی فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئیرانی**
**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**پێشەکی :**

بێگومان ئەکرێت دەهەی ڕابردو لەگەڵ پاشەکشەو زیانەکانی وەك شەڕی جیهانی یەکەم و مەیدانداربوونی فاشیزم لە چلەکاندا کەژیانی ملییاردها ئینسانی لەسەر ئەم گۆی زەوی یە لە ژێر کاریگەری خۆی داناو گەیاندیە ئاستی چارە ڕەشی.

مسیبەتەکانی دوو دەهەی ڕابردوو کە ڕیگانیزم و تاچریزم لەسەرەتای دەهەی هەشتاوە بەسەر ئەو خەلکەیدا هێنا ژیانی ملیونەها ئینسانی بەشیوەیەکی بەرجەستەو فراوان بە نابوودی گەیاند. داسەپاندنی ئەستێرەی هەژاری وبرسییەتی بۆ زۆربەی زۆری خەلکی جیهان ، سەرهەڵدانی خۆیناویترین ودژی بەشەریترین شەری میللی وقەومی، سەرهەلدانی چاوەروان نەکراوی بێوینەی ئیسلامی سیاسی ودەست دریژی و خراپکارییەکانی ئەم دەستە ڕاسترین و کونەپەرستانەترین مەیلی سیاسی_دینییە لەژیانی ملیونەها ئینسان و جیهەتگیرییەکانی وولاتانی ئەوروپا لەهێرش کردنە سەر مافەکانی پەنابەران وبەرتەسك کردنەوەی هەنگاو بەهەنگاوی ئەو مافانەو ، وە هێرش کردنە سەر دەستکەوتە ریفاهییەکانی وولاتانی غەرب و هەوڵدانێکی گەورەو فراوان بۆ جێ خستنی تیزی نسبیەتی فەرهەنگی لە لایەن وولاتانی غەرب و وولاتە سەرکوتکەرەکانەوە، لەباتی مافە نیونەتەوەیەکانی ئینسان ، بەگرنگترین تایبەتمەندی یەکانی ئەم دوو دەهەیە لەقەلەم دەدرین.

هاوپشتی _ فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئیرانی و عیراقی ، لەسەرەتای دامەزراندن و دەست بەکار بوونی خۆی ئەم ڕەوەندە ڕوو لە دوایەی پێشبینی کردوە. وەلە پەیوەند بە بەرئەنجامە خراپەکانی ئەم وەزعە لەسەر ژیانی ئینسانەکان لە قوناغی جیاجیادا ئاگاداری داوە. وە ڕێگەی خەباتکارانەی ڕۆشن کردووەتەوە ، لە ریزی پیشەوەی بەرگری کردن لە بەها ئینسانی یەکان و وەبەرگری کردن لەمافەکانی پەنابەراندا وەستاوەتەوە خەباتی کردوە. خالی پرشنگداری خەباتی ئیمە بۆ ماق پەنابەری هاوکات بووە لەگەڵ خەباتی ئینسان بۆ دنیایەکی باشتر. هەول خەبات بۆ دابین کردنی ماف و ئازادی و بەرابەری ئینسان بزوتنەوەیەکی فراوانی کۆمەلایەتییە کە لەشکلی جوراو جۆردا لەئارادایە.

فەلەسەفەی وجودی فیدراسیون وناوەرۆکی هەلسورانی ڕۆژنەو خەبات و تیکوشانیشی لە هەولدان بۆ دابین کردن و مسوگەر کردنی ئەم مافەوە سەرچاوە دەگریت.

هاوپشتی _ فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئیرانی وعیراقی لەپلەی یەکەمدا بروایان بەئازادی بێ قەیدوشەرتی هەلبژاردنی شوینی ژیان، ئازادی سەفەر وگواستنەوەی شوین بۆهەمووئینسانەکان. فیدراسیون بڕوای وایە کەلەنیو بردنی هەموو ستەم و مسیبەتێکی موجود لە جیهانی پێشکەوتوودا خۆی لە لە نیوچونی نیزامی سەرمایەداری دایە _ ڕژمێك کە هەژاری وبرسییەتی و شەرو هەلاتن لە ئاستی ملیاردی دا هەر ڕۆژە خۆی نۆی دەکاتەوەو مانەوەی خۆی لەبوونی ئەم نابەرابەرییە کۆمەلایەتی یانەدا دەبینیتەوە.

بەلام سەرەڕای ئەوە مادام کێشەیەك هەیە بە ناوی کێشەی پەنابەرەوە، فیدراسیونەکانی پەنابەرانی ئیرانی وعیراقی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانن کە لەم پیناوەدا خەبات بکەن بۆ بەدەست هێنان ودابین کردنی فراوانترین مافە ئینسانی یەکان بۆ پەنابەران.

www.kurdistannet.org
11/06/2002 01:58

ئامانج لەڕاگەیاندنی بڕیاری مافەکانی پەنابەران، بەرزکردنەوەی ئالایەکە کە لەژێر سایەی ئەوەدا نەك تەنها بۆ هەلسوراوانی فیدراسیون بەلکو تەواوی هەلسوڕاوانی بزوتنەوەی پەنابەری و مافە مەدەنییەکانیش ئەتوانن پشت ببەستن بەم منشورە لەو کەمپینی نارەزای دەربرینەکانەدا کە هەر ئیستە لە زۆریك لە وولاتە پەنابەر وەردەگرن لە ئارادایەو رۆلیکی کاریگەرترو بە بەهاتر بگیرن و ئالای ئەم خەباتە وەك ماڧ مروڨی پەنابەر لەسەرتاسەری دنیا دا بەرز راگرن بۆ جێبەجێ کردنی هەر بەند لە بەندەکانی هێز کۆبکەنەوە.

ئێمە داواکارییەکانی خۆمان خۆلاسە نەکردوەتەوە بە چوار چێوەی ئەو یاسا و بریارنامانەی کە تائیستە بۆنیان هەیە ، وەك بریارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە پەنابەران یان یاسا نیونەتەوەیەکانی تر. ئێمە خاڵی بەهێزو سەرفرازانەی خۆمان بە ماف و پێداویستیی‌یەکانی ئینسانی ئەمرۆ دەست پێ دەکات ، کەم کردنەوەی هەرچی زیاتری رەنج و باشکردنی ژیانی پەنابەران و بەهەرمەند کردنی یان لە ژیانیکی باشتر بۆ ئەم خەلکە میلیونی‌یە ڕێگای خەبات وجێهەتگیری سیاسی ئێمە نیشان دەدات.

**پیناسەی پەنابەر**

١ – پەنابەر کەسیکە کە لەژێر فشاری جۆراو جۆری سیاسی، کومەلایەتی، ئابوری، بەدوای ژیانیکی ئامن ترو ئازادتردا، پەنا بۆ ولاتیکی تر دەبات.

ئەگەر چی هۆگارەکانی پەنابەری شێوازی زۆری هەیە بەلام هەموویان لە ناوەرۆکدا وەك یەکن و بەر ئەنجامی ڕێژمەکانی ئابوری وکومەلایەتی و ڕژێمە سەرکوت کەرەکانە. لەبەر ئەوە هەر کەس لەجەنگ، خشونەت، چەوساندنەوە، بێ ماڧ، سەرکوت و دەستەلاتی حکومەتەکان و دارو دەستەی سەرکوتگەرو، دینی و ناسیونالیستی وپیشیل کردنی مافەکانی مرۆڨ، بەدەر لە دەولەتی ویا نا دەولەتی دەرباز دەبن دەبێت لەماڧ پەنابەری بەهرمەند بن.

**اسولی گشتی**

٢– هەرکەسێك کە بە دەلیلی نژادی ، جنسی ، سیاسی ، دینی ، کومەلایەتی ، ئابوری ، لە شوینی ژیانی خۆیان ڕوو بەڕووی ئازار، ئەزیت ، خشونەت، توهین وسوکایەتی دەبنەوەو یا ڕووبەرووی پێشلکاری ماڧ مرۆڨ لەلایەن دەولەتەکان ویا لەلایەن گروپە نا دەولەتی یەکانەوە ، دەبیتەوە دەبێت وەك پەنابەر قبول کریت.

٣– هیچ دەلەتێك ماڧ داخستنی سنوورەکانی خۆی نییە بەڕووی پەنابەراندا.

٤ – منالانیك کە بەهەر دەلیلیك لەگەل دایك وباوکی خۆیاندا یا بە تەنها لە وولاتانی خۆیان هەڵدێن دەبێت دەست بەجێ ماڧ پەنابەریان پێ بدریتی. بەهرەمەند کردنی پەنابەران و بە تایبەت لاوانی پەنابەری (خوار ١٨ سال) لە ئیمکاناتی ژیان و فێربوون ، دەرمان ، وەرزش و سەرگەرمی ئاسای لەوولاتی پەیوەندارا‌دا نابێت ببەسترێتەوە بەقبول کردنی ماڧ پەنابەری.

٥– ژنانێك کە لە وولاتانی خۆیاندا بە پشتیوانەی یاسای ڕەسمی، سونەت وداب ونەریتی داواکەوتووانە وکۆنەپەرستانە یان بە هۆی تهدیدی دارو دەستەو گروپە دژی ژنەکانەوە ڕووبەڕشووی خشونەت وئازاری فیزیکی، رۆحی، وفەرهەنگی وناموس پەرستی دەبنەوە ، دەبیت ماڧ پەنابەریان بە رەسمی یەت بناسرێت

٦ – لە وولاتانێك کە ( (خزمەتی) ) سەربازی ئیجباری هەیە وهەڵهاتن لێی ڕوو بەڕووی سزای یاسای ، وەك زیندانی کردن و بێبەش کردن لە کاری دەولەتی دەبێتەوە، مخالفینی ئەنجامدانی ( (خزمەتی) ) سەربازی دەتوانن لە ماڧی پەنابەری بەهرمەند بن. تاوانبارانی جەنگی سەرانی حکومەت وکەسانیك کە دەستیان لە تاوان وئینسان کوژیدا هەیە، مادام لەوولاتێکەوە کەهەڵهاتوون سزای اعدام و ئەشنجە هەیە نابێت دیپورتی ئەو وولاتە

www.kurdistannet.org
11/06/2002 01:58

بكرينەوه. بەلام دەبێت بە معیاری حقوقی وەك ئەو وولاتانەی كە ئەم سزایانە لغوكراوەتەوه دادگای بكرین و سزا بدرین.

٧- معیاری كاری پێچەوانەی یاسا بە سەرپێچی كردن لەیاسای چەوسێنەرانەی ، دین ، ئازاردانی ژن ومندال ئازاردان

دیاری ناكریت. هەلسورانی سیاسی و فەرهەنگی و سنفی لەسایەی هیچ باروردرخیكدا نابیٚ وەك تاوان لەقەاەم بدریٚت.

لەهەموو حالەتەكاندا دەبیت ماف نیونەتەوەی ئینسان كە لە هەموو وولاتانی ئەورووپای غەربیدا هەیە لەبەرچاوبگریت.

٨ = كەسانێك كە ژیانی تایبەتی و سیاسی یان لە دەرەوەی وولات ، شوینی ژیان و لە دایك بوونیان پێچەوانەی یاساكانی ئەو وولاتەیە كەلیٚوەی هەلهاتووه بەهەمان هۆ ئەگەر بگەڕێندرێنەوه بۆ وولاتێك كەلیٚوەی هاتووه مەترسی دەستگیری و زیندان كردنی لەسەرە بیت ، ئەوا ئەو كەسە دەبێت لە ماف پەنابەری بەهەمرەمند كرێت.

٩ – تاوانبارانی شەر ، سەرانی وولات و كەسانیك كە تاوان و ئینسان كوژیان كردوه ، تاكاتیك كە لەو وولاتەی كە هەلهاتوون سزای اعدام ئەشكەنجە هەبێت ، نابیت بۆ ئەو وولاتانە دیپورت بكرینەوه. بەلام دەبێت بە معیاری هقوقی وولاتیك كە ئەو سزایانە تیدا لغو كراوەتەوه دادگای بكریت و سزا بدرین.

١٠ _ ماف پەنابەری شاملی هەموو ژنان ، كچان ، مندالانیكی خوار ١٨ سال دەبیت كە لەوولاتانی بیزراو لەئیسلامەوه هەلهاتووه.

١١ _ نەبوونی مەدارك و بەلگە نامەو نازنامە یاتەنانەت سوود وەرگرتن لەبەلگەنامەی دروست كراو نایاسای لە لایەن پەنابەرانەوه تاوان نی یەو نابیت كاریگەری خراپی لەسەر بە رەسمی یەت ناسینی ماف پەنابەری ئەو هەبیت. بوونی پاسپۆرت و دەرباز بوونی یاسای نابیت ریگر بیت لەبەردەم بەدەستهینانی ماف پەنابەری دا.

١٢ _ هەر پەنابەریك ماف هەیە لە وولاتیكدا كەدوای ماف پەنابەری دەكات، لیٚكولینەوە لەسەر فایلەكەی بكریٚت ، دەربازبوون بەنیٚو وولاتانی تردا نابیٚت ریٚگربیٚت لەبەردەم داواكاری ماف پەنابەری و لەو وولاتەدا بیتە پەنابەر. هەلبژاردنی شارو شوینی ژیان ماف ئینسانی هەموو پەنابەرانەو نابیٚت پیٚشل كریٚت.

١٣ _ هەر پەنابەریك ماف هەیە كە عادلانەترین پرۆسەی پەنابەری بەهەرمەندبیت. هەر پەنابەریك دەبیت لە خزمەتگوزارییە خۆڕای هقوقی بەهرەمەند بیت، وەك وەكیل، وەرگیٚر، رینمای لەبارەی پرۆسەی پەنابەری یەوە، بەهرەمەند بوون لەمافە كومەلایەتیو ریفای

باوەكان لە كومەلكایە وەك ماف كار، خویندن، بیمەی بیكاری دەرمانیش بەشیكی سەرەتای هەر پەنابەریكە.

١٤ = هیچ پەنابەریك بەخاتری پەنابەر بوون یا هاتنە وولاتی بەبیٚ بەلگەنامە نابیت دادگاو زیندان كریٚت.

١٥ – هەموو پەنابەران ماف ڕاكیٚشانی خیٚزانی خۆیان هەیە. خیٚزانی هەر پەنابەریٚك بەشیٚوەیەكی ئوتوماتیٚك ماف مانەوەی هەیە لەلای ئەو كەسەی كە پەنابەرە.

١٦ _ زیندانیانی سیاسی پیٚشتر وە كەسانیٚك كە شكەنجە كراون بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە لە كاتیٚكدا داوای ماف پەنابەری دەكەن ژیانیان ئازادییان لە مەترسی دا بووبیٚت دەبیٚت وەك پەنابەر وەرگریٚن. پشتیوانەیەك لە لایەن ریٚكخراو یان حزبیكی سیاسی ئۆپۆزسیۆن بۆ كەسیك كە داوای ماف پەنابەری كردوه بۆ بەرسمیەت پیٚدانی ناساندنی ئەو كەسە بەلایەنە پەنابەر وەرگرەكان كاف یە. لەكاتیٚكدا كە كەسی پەنابەر بە هۆی ئیختلافاتی سیاسی ، لەگەل ریٚكخراوەیك كە پیٚشتر هاوكاری لەگەل كردوە نەتوانیٚت پشتیوانە بەدەست

www.kurdistannet.org
11/06/2002 01:58

بهێنێت، پشتیوانەی حیزب و ریکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوپەنابەرە دەبیت بەرسمی یەت بناسرێت و لەلایەن لایەنی پەنابەر وەرگرەوە. هیچ پەنابەریك ناتوانرێت بە هیچ دەلیل و بەهانەیەك دەست بەسەر بکریت و وەدەر بنیریت.

**هقوق سیاسی وفەرهەنگی**

١٨ ئازادی بەیان ، کۆبوونەوە ڕێکخراوبوون هەلسورانی سیاسی وکومەلایەتی بۆ هەموو پەنابەران دەبێت بەهەمان پێوانەی بپێوریت کە هاولاتیانی تری وولاتە پەنابەر وەرگرە لێی بەهەرمەندن. دەوڵەتەکان بەرپرسن لەدابین کردنی ئاسایش بۆ ئەم هەلسوراوانە لەهەرجۆرە هێرشیکی تروروستی یا راسیستی.

١٩ – هەرجۆرە تەبلیخاتیکی ڕاسیستی و نژادپەرستانە بەدەر لەدەولەتی ونادەولەتی دژ بەپەنابەران دەبیت قەدەغە بکریت.

٢٠ _ دابین کردنی ئیمکاناتی پێویست بەشیوەیەکی سیستەماتیك و پلان داریژراوانە بەمەبەستی جێکەوتنی هەرچی زووتری پەنابەران لە نیو کۆمەلگای پەنابەر وەرگردا وە بەهەرمەندکردنیان لە هەموو مافیکی فەردی و کۆمەلایەتی و وەك هاولاتی ماف بەرابەری کومەلگا بیت لە دەستور کاری وولاتی پەیوەندیداردا قەرار بگریت. هیچ پەنابەریك نابیت بە پێی میلیەت و فەرهەنگ و دین لەژیر ناوی نسبەیەتی فەرهەنگی دا لە کۆمەلگاو فەرهەنگی پیشرەو جیا بکریتەوە. قەدەغە کردنی پیکهینانی گتۆکان تایبەت بەپەنابەرو پەنابەران ، قەدەغە کردنی بەکارهینانی سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی نسبەت بە پەنابەران لە کۆمەلگای پەنابەر وەرگردا دەبێت بە رەسمی یەت بناسیرێت.

هاوپشتی _ فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی ئیرانی و عیراقی لە هەموو ئازادیخوازان ، ریکخراوەکان ، حیزبەکان ، ریکخراوە کریکاری یەکان و ریکخراوەکانی بەرگری کەر لە ماڤ پەنابەری چاوەران دەکەین تا بە پێ داگرتن و پشتگیری کردن لە هەلسوران و داواکاری یەکانی سەرەوە دەوریکی کاریگەرتان لە خەبات بۆ بەدەست هینانیان بەریوە بریت و لەخەباتی پەنابەران و فیدراسیونەکانی ئیرانی و عیراقی بۆ بەدەست هینانی ئەو داواکاری بەرهەقانە پشتگیری بکەن.